مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

# التلوث النفسي وعلاقته بالمناعة النفسية لدى معلمي التربية في شهرزور

**مدرس مساعد هريم محمد عبدالكريم**

قسم الجغرافيا، كلية التربية علوم الانسانية سيد صادق، جامعة السليمانية، اقليم كردستان ، سليمانية، عراق

البريد الإلكتروني Email : harem.abdalkarim@univsul.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: التلوث النفسي، المناعة النفسية، المعلم.

**كيفية اقتباس البحث**

عبدالكريم ، هريم محمد ، التلوث النفسي وعلاقته بالمناعة النفسية لدى معلمي التربية في شهرزور،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، كانون الثاني ٢٠٢٦،المجلد:١٦ ،العدد:١ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مسجلة في Registered
ROAD

مفهرسة في Indexed
IASJ

# Psychological Pollution and its relationship to Psychological immunity among education teachers in Sharazoor

**Assistant teacher Harem Mohammed Abdalkarim**
Department of Geography, Said Sadiq College of Human Science Education, Sulaimani University ،Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq

**Keywords:** Psychological pollution, psychological immunity, the teacher.

**How To Cite This Article**
Abdalkarim, Harem Mohammed , Psychological Pollution and its relationship to Psychological immunity among education teachers in Sharazoor,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, January 2026,Volume:16,Issue 1.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract
## Abstract


The aim of this research is to reveal the level of psychological pollution and the level of psychological immunity among the research sample, according to the variables of (gender, type of employment), for the year 2025-2026. The research adopted the descriptive correlational method. The research population consists of (1721) teachers. The research sample is comprised of (211) teachers for the first semester of the academic year (2025-2026), selected randomly.

To achieve the research objectives, the instruments used were the (Psychological Pollution) scale adopted from (Wreidat, 2017), consisting of (29) items, and the (Psychological Immunity) scale adopted from (Zaid, 2023), consisting of (32) items. The most important statistical tools used included (Pearson, Spearman-Brown, Guttman, Cronbach's Alpha, One-sample t-test, and Two-sample t-test).

**The research results were as follows:**

1.The level of psychological pollution among teachers in the Sharazoor Education Directorate is low.
2.The level of psychological immunity among teachers in the Sharazoor Education Directorate is high.
3.There are no significant differences in the levels of psychological pollution and psychological immunity among teachers in the Sharazoor Education Directorate based on the variables of (gender, type of employment).
4.The relationship between psychological pollution and psychological immunity is a weak inverse relationship.

**ملخص الدراسة:**

يهدف البحث إلى الكشف عن مستوى التلوث النفسي ومستوى المناعة النفسية لدى عينة البحث، وفقاً لمتغيري (الجنس، نوع التعيين)، للعام الدراسي (٢٠٢٥-٢٠٢٦). اعتمد البحث المنهج الوصفي الارتباطي. تألف مجتمع البحث من (١٧٢١) مدرساً ومدرسة. وتكونت عينة البحث من (٢١١) مدرساً ومدرسة للعام الدراسي (٢٠٢٥-٢٠٢٦) الفصل الدراسي الأول، حيث تم اختيارهم بالطريقة العشوائية. ولتحقيق أهداف البحث، تمثلت أداة البحث في مقياس (التلوث النفسي) الذي تم تبنيه من دراسة (وريدات، ٢٠١٧) والمكون من (٢٩) فقرة، ومقياس (المناعة النفسية) الذي تم تبنيه من مقياس (زيد، ٢٠٢٣) والمكون من (٣٢) فقرة.

ومن أهم الوسائل الإحصائية المستخدمة: (معامل ارتباط بيرسون، معادلة سبيرمان-براون، معامل جوتمان، ألفا كرونباخ، الاختبار التائي لعينة واحدة، الاختبار التائي لعينتين مستقلتين).

وقد كانت نتائج البحث كالتالي:

١ -مستوى التلوث النفسي لدى مدرسي تربية شهرزور منخفض.

٢ -مستوى المناعة النفسية لدى مدرسي تربية شهرزور مرتفع.

٣ -لا توجد فروق في مستوى التلوث النفسي ومستوى المناعة النفسية لدى مدرسي تربية شهرزور وفقاً لمتغيري (الجنس، نوع التعيين).

٤ -العلاقة بين التلوث النفسي والمناعة النفسية علاقة عكسية ضعيفة.

# پیسبوونی دەروونی و پەیوەندی بە بەرگریی دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور

**مامۆستای یاریدەدەر هەرێم محمد عبدالكريم**
**بەشی جوگرافیا، کۆلێجی پەروەردەی زانستەمرۆڤایەتییەکان- سەیدصادق، زانکۆی سلێمانی.**

**پوختەی توێژینەوەکە (ملخص الدراسة):**
ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە ئاشکراکردنی ئاستی پیسبوونی دەروونی و ئاشکراکردنی ئاستی بەرگری دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە، بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، جۆری دامەزراندن) ، بۆ ساڵی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ . میتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە میتۆدی وەسفی پەیوەندی. کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (1721) مامۆستا. نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (211) مامۆستا بۆ ساڵی خوێندنی(2025-2026) وەرزی یەکەم، کە بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردران، ئامرازی توێژینەوەکە بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە پێوەری (پیسبوونی دەروونی) لە توێژنەوەی (وریدات، 2017)وەرگیراوە (تبنی) کە لە (29) بڕگە پێکهاتووە، پێوەری (بەرگریی دەروونی) وەرگیراوە (تبنی) لە پێوەری(زید، 2023)کە پێکهاتبوو لە (32) بڕگە. گرنگترین ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان بریتین لە( پێرسۆن، سپێرمان-براون، جوتمان، ئەلفاکرونباخ، تاقیکردنەوەی (ت) یەک نمونە، تاقیکردنەوەی (ت) دوو نمونە). ئەنجامەکانی توێژینەوە ئەمانە بوون:
**1-**ئاستی پیسبوونی دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور نزمە.
**2-** ئاستی بەرگری دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بەرزە.
**3-** ئاستی پیسبوونی دەروونی و ئاستی بەرگری دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بە پێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز ، جۆری دامەزراندن) جیاوازی نییە.
**4-**پەیوەندی نێوان پیسبوونی دەروونی بەرگری دەروونی پێچەوانەی لاوازە.
**کلیلە ووشە (الكلمات المفتاحية):** پیسبوونی دەروونی، بەرگری دەروونی، مامۆستا.

## بەشی یەکەم (الفصل الأول)
## ناساندنی توێژینەوەکە (مقدمة للدراسة)

### کێشەی توێژینەوە (مشكلة الدراسة):

ژیانی مرۆڤ لە بنەڕەتدا پڕە لە ئاڵۆزی و ناڕەحەتی، کە زۆرجار تاکەکان ڕووبەڕووی گرفتە دەروونییەکان دەکاتەوە. ئەم فشارانە لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە بەشێک بوون لە ژیان، بەڵام بەپێی گەشەسەندنی شارستانیەت، کێشەکان زیاتر و ئاڵۆزتر بوون[١، لا ٥٥].

بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو زانستی دەروونزانی، پیسبوونی دەروونی لەسەردەمی ئێستادا دیاردەیەکی دەروونی و پەروەردەییە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وورد و قوڵ هەیە[٢، لا ٢١٣]. لەم سۆنگەیەوە، لێکۆڵینەوە لەم دیاردەیە پێویستی بە تێڕوانینێکی قوڵە بۆ چۆنیەتی وەڵامدانەوەی تاک بەرامبەر گۆڕانکارییەکان، هەروەها تێگەیشتن لەو کاریگەرییە جۆراوجۆرانەی کە ئاراستەی ڕەفتاری تاک دەکەن و شێوازی کارلێککردنی لەگەڵ خۆی و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا دیاری دەکەن.

هەروەها مامۆستایان، وەک چینێکی گرنگی کۆمەڵگا، بە یەکێک لەو توێژانە دادەنرێن کە زۆرترین فشار و کێشەیان لەسەرە. ئەمەش کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر زیادبوونی دڵەڕاوکێ و گرژی دەروونییان هەیە، کە بە درێژایی کات دەبێتە هۆی لاوازبوونی بەرگری دەروونییان. کاتێک توانای بیرکردنەوەی دروست و چالاکییە عەقڵییەکانیان کەم دەکات، بەرگری دەروونییان لاواز دەبێت و ئەمەش بە شێوەیەکی نەرێنی کار دەکاتە سەر هەڵسوکەوت و مامەڵەکانیان لەگەڵ خوێندکارەکانیان [٣، لا ١]. کێشەی توێژینەوەی ئێستا لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خوارەوە دەردەکەوێت:

-ئایا جیاوازی ئاستی پیسبوونی دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردە بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، جۆری دامەزراندن) دەگۆڕێت؟

- ئایا جیاوازی ئاستی بەرگریی دەروونیی لای مامۆستایانی پەروەردە بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، جۆری دامەزراندن) دەگۆڕێت؟

-ئایا پیسبوونی دەروونی پەیوەندی هەیە بە بەرگریی دەروونییەوە لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور.

**گرنگی توێژینەوەکە (أهمية الدراسة):**

توێژەر گرنگی و بایاخی توێژینەوەکە لە دوو ڕەهەندی دیاری دەکات، ئەوانیش بریتین لە ڕەهەندی تیۆری و ڕەهەندی پراکتیکی:

**گرنگی تیۆریی (الأهمية النظرية):**

سەبارەت بە لایەنی تیۆری گرنگی توێژینەوەکە بریتییە لە:

-ئەم توێژینەوەیە گرنگە، چونکە بەپێی سنوری زانینی توێژەر یەکەم توێژینەوەیە پەیوەندی نێوان دووگۆڕاو (پیسبوونی دەروونی و بەرگری دەروونی) بەزمانی کوردی بخاتەڕوو.

-ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت تێگەیشتنێکی قووڵتر بۆ چۆنیەتی کارلێکی ئەم دوو چەمکە دەروونییە بخاتەڕوو، بەتایبەتی لەژێر فشاری ژینگەی کارکردنی مامۆستایانی پەروەردەدا.

-ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی بەنرخ، بۆ توێژەرانی دیکە لە بواری دەروونزانی پەروەردەیی، بەتایبەتی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

- توێژینەوەکە، چونکە یارمەتیدەر بێت لە بنیاتنانی مۆدێلێکی تیۆری بۆ ڕوونکردنەوەی میکانیزمەکانی کاریگەریی پیسبوونی دەروونی لەسەر توانای بەرگری دەروونی، یان بە پێچەوانەوە.

**گرنگی پراکتیکی (الأهمية العملية):**

سەبارەت بە لایەنی پراکتیکی (جێبەجێکردن)، گرنگی توێژینەوەکە بریتییە لە:

-ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەر دەبێت لە دەستنیشانکردنی ئاستی پیسبوونی دەروونی و لاوازی بەرگری دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور، کە ئەمەش هەنگاوی یەکەمە بۆ داڕشتنی بەرنامەی چارەسەر و ڕێنمایی.

-دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەتوانرێت وەک بنەمایەک بەکاربهێنرێت بۆ داڕشتنی سیاسەت و بڕیاری پەروەردەیی گونجاو لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە ئاراستەی کەمکردنەوەی فشارەکانی سەر مامۆستایان و دابینکردنی ژینگەیەکی لەبارتر بۆیان.

- لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە دەتوانێت ڕاسپاردەی پراکتیکی پێشکەش بکات بۆ قوتابخانەکان، بەڕێوەبەرانی پەروەردە، و خودی مامۆستایان بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فشارەکان و بەهێزکردنی بەرگری دەروونی.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە (أهداف الدراسة):**

**1**-ئاشکراکردنی ئاستی پیسبوونی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە.

**2**- ئاشکراکردنی ئاستی بەرگری دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە.

**3**-زانینی ئاستی پیسبوونی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە، بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، جۆری دامەزراندن).

**4**-زانینی ئاستی بەرگریی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە، بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، جۆری دامەزراندن).

**5**-دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان پیسبوونی دەروونی و بەرگریی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە.

**سنوری توێژینەوەکە (حدود الدراسة):**

**-سنوری بابەتی (الحدود الموضوعية):** پشت ڕاستکردنەوەی پیسبوونی دەروونی و پەیوەندی بە بەرگریی دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور .

**-سنوری کات (الحدود الزمانية):** وەرزی یەکەم ساڵی خوێندنی 2025-2026.

**-سنوری مرۆیی (الحدود البشرية):** توێژینەوە کە سنوردارە بە نموونەیەک لە مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور.

**-سنوری شوێن (الحدود المكانية):** سەنتەری هەڵبجەی تازە.

**پێناسەی زاراوەکان (تعريف المصطلحات):**

**یەکەم/ پیسبوونی دەروونی (التلوث النفسي):**

**پێناسەی علوان(2017):** دۆخێکی بێزاربوون و ڕەتکردنەوەی واقعی شارستانییە بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە، یان مامەڵەی ناڵیپرسراوانە و پێچەوانەی بەهاو بنەماو سیستەمانەی کە کۆمەڵگادیاری کردوون [٤، لا ٤].

**پێناسەی الشحاذة ( 2015):** حاڵەتێکە کە تێیدا تاک تووشی تێکچوونێکی قووڵ دەبێت لە سیستەمی دەروونیی خۆی کە پەیوەندی بە ژینگە و لایەنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. ئەم تێکچوونە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری و شێواندن لە شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی تاکدا، لە ئەنجامدا زیان بە کەسایەتییەکەی دەگەیەنێت [٥، لا ٢٤٦].

**پێناسەی ابراهيم (2016):** بریتییە لەو حاڵەتەی کە سیستەمی ژینگەی دەروونی تاک بەهۆی هۆکارە دەرەکییەکانەوە تێکدەچێت و دەشێوێت. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی فەوزایەکی دەروونی و کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر هاوسەنگی دەروونی و توانای گونجان و خۆگونجاندن لەگەڵ ژیان و واقیعدا[٦، لا ١٥].

**پێناسەی تیۆری توێژەر(تعريف نظرية الباحث):** بریتییە لە تێکچوونی سیستەمی دەروونی-ژینگەیی تاک بەهۆی هۆکارە دەرەکییەکانەوە، کە دەبێتە هۆی فەوزای دەروونی، ناهاوسەنگی، شێواندنی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت، ڕەتکردنەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان و زیانگەیاندن بە کەسایەتی.

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر(تعريف إجراءات الباحث):** ئەو ئاستەیە کە مامۆستایان بەدەستی دەهێنن لە ڕێگەی وەڵامدانەوەیان بە پرسیارەکانی پێوەری پیسبوونی دەروونی.

**دووەم/ بەرگریی دەروونی(المناعة النفسية):**

**پێناسەی سیلی ( 1976):** خۆڕاگری و بەردەوامی دەروونییە لەبەردەم ئەو فشارە دەروونی و قەیرانانەی کە تاکەکان لە ژیانی ڕۆژانەیان تووشی دەبن [٧، لا ١٦].



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١

**پێناسـەی زیـدان (2013):** توانـای تـاکە لە بنیادنـانی خـود بـۆ بـەرەنگـاربوونـەوەی هەمـوو ئەو فشارە دەروونییە پێشبینیکراوانەی کە بەهۆی ترس و دڵەڕاوکێی زیادە و نائومێدییەوە دروست دەبن [٨، لا ١٠٧].

**پێناسـەی مرسـي (2000):** توانـای تـاکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکـان و ناخۆشـییەکان و بەرگەگرتنی سەختییەکان و کارەساتەکان و بەرەنگاربوونەوەی بیرکردنەوەکان و هەڵچوونەکان و نـاڕەزایی و دوژمنـایەتی و تۆڵەسـەندنەوە و بێئومێـدی و بێدەسـەڵاتی و شکسـتخواردن و ڕەشبینی[٩، لا٢٩٤].

**پێناسـەی تیـۆری تـوێژەر (تعريـف نظريـة الباحـث):** توانـا و خـۆڕاگریی دەروونیـی تـاکە بـۆ بەرگەگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەریی فشار و قەیرانە دەروونییەکان، و هەڵسانەوە لە ناخۆشییەکان، هەروەها بەڕێوەبردنی بیرکردنەوە و هەستە نەرێنییەکان لە کاتی تەنگەژەدا.

**پێناسـەی ڕێکـاری تـوێژەر(تعريـف إجـراءات الباحـث):** ئەو ئاسـتەیە کە مامۆسـتایان بەدەسـتی دەهێنن لە ڕێگەی وەڵامدانەوەیان بە پرسیارەکانی پێوەری بەرگریی دەروونی.

**بەشی دووەم (الفصل الثاني)**

**چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو(الإطار النظري والأبحاث السابقة)**

**چەمکی پیسبوونی دەروونیی (مفهوم التلوث النفسي):**

چەمکی پیسبوونی دەروونی بە یەکێک لە چەمکە نوێیەکان دادەنرێت کە گفتوگۆیەکی زۆری لە نێوان زانایانی دەروونزانی و پەروەردە و کۆمەڵناسیدا دروستکردووە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم چەمـکە لە ڕووی نـاوەڕۆکەوە بە ئەنـدازەی مێـژووی ململانێـی مرۆڤـایەتی کـۆنە. ئەگەر بگەڕێینـەوە بـۆ ڕەچەڵەکـی وشـەکە، دەبینـین کە دەسـتەواژەی پیسـبوونی دەروونـی لە چەمکـی پیسبوونی ژینگەیی (Environmental pollution)ـەوە وەرگیراوە. ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم چەمـکە لە چوارچێـوەی سـایکۆلۆژیادا، بەدیهێنـانی تەواوکـارییە لەنێـوان زانسـتەکاندا بـۆ خزمەتکردنی تاک و کۆمەڵگە[١٠، لا ٤٩].

**هۆکارەکانی پیسبوونی دەروونی(أسباب التلوث النفسي):**

**١-جەنگەکان:** قەیرانـی ئـابووری، دەروونـی، و کۆمەڵایەتییەکـان کە لە جەنگەکـانەوە سـەرچاوە دەگـرن، ڕاسـتەوخۆ دەبـنە هـۆی دروسـتبوونی بـارێکی دەروونـی نالەبـار. ئەم بـارە بـریتییە لە دڵەڕاوکێیەکـی زۆر، تـووڕەیی، ترسـی بەردەوام لە مـردن، و نادڵنیـایی لەوەی داهـاتوو چـی ڕوودەدات. ئەم کـاریگەرییە نەرێنییـانە بە قـووڵی دەبـنە بنیـاتی دەروونیـی تاکەکـانی کـۆمەڵگە، بەتایبەتی چینی مامۆستایان، دەبنە هۆی پیسبوونی دەروونییان[١١، لا ٩٩].

**٢-پەروەردەی کـۆمەڵایەتیی کێشـەدار(ناسروشـتی):** پەروەردەی کـۆمەڵایەتیی ناسروشـتی بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پیسبوونی دەروونی دادەنرێت، چونکە خێزانـی لەیەکترترازاو هۆکـارە بـۆ دروسـتبوونی ڕەفتـاری دژ بە کـۆمەڵگە لەلایەن تاکەکـانەوە، و هانیـان دەدات بـۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری نەرێنی و نائاسایی بە شێوەیەکی خێراتر[١٢، لا ٦١٠].

**٣- ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا:** ئەم ئـامێرە مۆدێرنـانە ئەو دەروازەیەن کە گەنجان لە ڕێگەیەوە دەچنە ناو کولتوورەکانی جیهان و ئەزموونی دەکەن، ئەمەش بەهۆی جیهـانگیری و کرانەوەیان بەسەر کەلتوورە جیاوازەکاندا. ئەم کرانەوەیە وادەکـات خـووی ئەو کەلتوورانە بگرن کە لەگەڵ بەها و دابونەریتەکانی ئێمەدا ناکۆکن[١٣، لا ١٥].

**٤- لاساییکردنەوەی شێوەی بیانی:** ئەمە واتە خۆشویستن و قبوڵکردنی وەرگرتنی بیانییەکان لە خـواردن و زمـان و پۆشـاکدا؛ بە شـێوەیەک کە نمـوونەی بێگـانە دەکـرێتە پێشـەنگ و هەوڵـی لاسـاییکردنەوەی دەدرێـت لە هەمـوو ڕەفتـار و هەسـت و شـێوازەکانی بیرکـردنەوەدا. تـوێژی

گەنجان بە یەکێک لە کاریگەرترین توێژەکان لە کۆمەڵگەکاندا دادەنرێت بە کەلتوورە بیانییەکان، تـا ڕادەیەک کە گەنجـان هەوڵـی زۆر ڕەفتـار دەدەن کە لەگەڵ دابونەریـت و نەریتەکـانی ئەو کۆمەڵگەیەدا ناگونجێت کە تێیدا دەژین [١٤، ل١٠٠].

**٥-هەست نەکردن بە بەها، لەدەستدانی مانـای ژیان و ئامـانج، و بیرکردنەوە نەرێنی:** کاتێـک مرۆڤ ئامانج و مانایەک بۆ ژیانی نەبێت، هەست بە بوونی خۆی لە ژیاندا ناکات. ئەم نەبوونی مانایە نیشانەی دابڕانێکی تەواو یان نیوەییە لە ژیان، کاتێک دەبینین کردارەکانی و ئامانجەکان و پێداویستییە تاکەکەسییەکانی پەیوەندییەکی ڕوونیان بە چالاکییەکانی ژیانەوە نییە لە ئەنجامدا، دەست دەکات بە بیرکردنەوە لە پەنابردنە بەر ڕێگەی تاوان و توندوتیژی، بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، و تەنانەت بیرکردنەوە لە خۆکوشتن[١٣، ل ١٧-١٨].

**تیۆرەکانی ڕوونکردنەوەی پیسبوونی دەروونی (النظريات المفسرة للتلوث النفسي):**

لەسەر بنەمای زانستی توێژینەوەکان، هیچ تیۆرییەکی دیاریکراو و بەربڵاو نییە کە چەمکی پیسبوونی دەروونی بە وردی و ڕاستەوخۆ تاوتوێ بکات و شی بکاتەوە. بۆیە، پەنا براوەتە بەر کۆمەڵێک تیۆری دەروونزانی جیاواز بۆ ئەوەی بەراوردکاریيان لەنێواندا بکرێت و تێڕوانینێکی تیۆریی هاوبەش بخرێتەڕوو کە یارمەتیدەر بێت لە ڕوونکردنەوەی چەمکی پیسبوونی دەروونی بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١-تیۆرییە تەواوکارییەکان (النظرية التكاملية):**

بیرمەندانی ئەم تیۆرە پێیان وایە کە هەر نائاساییەک لە هەڵسوکەوتی تاکدا دەرەنجامی کارلێکی کۆمەڵێک فاکتەرە، هەندێکیان دەگەڕێنەوە بۆ هۆکارە بایۆلۆژی یان فیسۆلۆجی، و هەندێکی تریشیان بۆ هۆکارە دەروونی و ژیرییەکان، لە کاتێکدا هەندێکی دیکەشیان بۆ هۆکارەکانی ژینگەی دەوروبەر. بۆیە، ئەم تیۆرییە ڕەنگدانەوەی ئاراستەی باو و زاڵن لە کاتی ئێستادا. هەروەها، ( جلوک و والینور) ئاماژەیان بەوە کردووە کە ناتوانرێت بوترێت ئەو کەسانەی لە ژیانی شارستانی جیاوازدا دەژین، تەنها بە یەک فاکتەری سەرەکی جیاوازن. بەڵکو، چەندین فاکتەر هەن کە لە ژیانی سەرەتاییاندا ڕووبەڕوویان بوونەتەوە و کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی کەسایەتییان هەبووە و ڕەنگە لایاندا خستبن. بەڵام، هەندێک لە فاکتەرە لاوەکییەکان بە تەنیا بەس نین بۆ ئەوەی ببنە هۆی لادانە دووبارەبووەکان، کە هەمیشە کۆمەڵێک فاکتەری گشتیی ئاڵۆز لە پشتین [٢، ل ٢٢٣].

**٢- تیۆری دڵسۆزی (النظرية الولاء):**

(کاتز و کاهین) بە یەکێک لە پێشەنگەکانی تیۆریی دڵسۆزی دادەنرێن. تیۆریی دڵسۆزی جەخت لە گرنگی هەست و سۆز و هەڵوێست و ڕەفتارە ئیجابییە جیاوازەکان دەکاتەوە، وەک خۆشەویستی، شانازی، فیداکاری و بەخشین، و کار لەسەر پەرەپێدانی واقیعێک دەکات کە وێنەیەکی باشتر بۆ بەرژەوەندی گشتی پێشکەش بکات. ئەم تیۆرییە پێی وایە چەمکی دڵسۆزی بە تەواوی لەگەڵ چەمکی سەر بەبوون (ئینتما) ناگونجێت، چونکە سەر بەبوون تەنها بریتییە لە چوونە ناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراو یان دامەزراوەیەک و پەیوەندیداربوون پێیەوە، بەبێ ئەوەی هیچ دەرەنجامێکی نەرێنی یان ئیجابی لەسەر قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی هەبێت. بەڵام، سەر بەبوونی ئیجابی (چالاکانە) پێویستی بە فیداکاری و یارمەتیدان و ڕۆحی دەستپێشخەرییە بۆ ئەو لایەنەی کە تاک سەر بەویەتی[١٥، ل ٢٥٣٦].

**٣-تیۆریی شیکردنەوەی دەروونی (نظرية التحليل النفسي):**

بەپێی تیۆری فرۆید، پیسبوونی دەروونی (psychic pollution) هۆکارەکەی بریتییە لە ناتەبایی یان ناسەقامگیری لە سیستەمی ژیانی تاکدا، کە لە کارلێکی نێوان سێ پێکهاتەی سەرەکی کەسایەتیدا دروست دەبێت ئید (Id)، ئیگۆ (Ego)، و سوپەرئیگۆ (Superego). ئید (Id)بە پێکهاتەی بنەڕەتیی کەسایەتی دادەنرێت و خاوەنی ئارەزوویەکی زۆرە، کە بەپێی "بنەمای چێژ (pleasure principle) "کار دەکات. ئید بەردەوام و بێ وەستان هەوڵی تێربوونی خێرا و ڕاستەوخۆی غەریزە سەرەتاییەکان (وەک سێکس) و ئارەزووە منداڵییەکان دەدات، بەبێ گوێدانە ڕاست و هەڵە. ئیگۆ (Ego) ئەم پێکهاتەیە لەگەڵ واقیعدا کارلێک دەکات و بەپێی "بنەمای واقیع (reality principle) "کار دەکات. ئیگۆ توانای تێربوونی ئارەزووەکانی تاک دەستەبەر دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی گونجاو و لە چوارچێوەی ڕەوشت و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکاندا. ئیگۆ ئەو پرۆسە عەقڵانییانە لەخۆ دەگرێت کە بە "پرۆسە لاوەکییەکان " (secondary processes)ناسراون، وەک بیرکردنەوەی لۆژیکی، تێگەیشتن، پلاندانان و بڕیاردان. سوپەرئیگۆ (Superego) نوێنەری بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەوشتەکانە لە کەسایەتیدا. سوپەرئیگۆ وەک "ویژدانی کۆمەڵایەتی" کار دەکات و بەرپرسە لە دروستکردنی هەستی تاوان و ئاراستەکردنی تاک بەرەو پابەندبوون بە بنەما ئەخلاقییەکان. بە بۆچوونی فرۆید، ئەگەر سوپەرئیگۆ زۆر زاڵ بێت بەسەر ئید و ئیگۆدا، ئەوا کەسایەتی تاک تووشی ناتەبایی دەبێت. ئەم ناتەباییە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی سیفاتی نەرێنیی دەروونی، کە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری تاک و لادانی دەروونی دەبێت[٤، لا ١٠٦].

**دووەم : بەرگریی دەروونی (المناعة النفسية):**

**چەمکی بەرگری دەروونی (مفهوم المناعة النفسية):**

چەمکی بەرگری دەروونی یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی سەردەمی ئێستا کە بایەخێکی زۆری پێدراوە لەلایەن توێژەرانەوە، چونکە یارمەتی تاک دەدات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخە جیاواز و قورسانەی کە لە ژیانیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. هەروەها بەرگری دەروونی بە مانای بەرگەگرتنی فشار و ماندوێتی دەروونی و جەستەیی دێت، و بە کردارە پارێزەرییەکان دادەنرێت کە یارمەتی تاک دەدەن لە پاراستنی خۆی لە تێکچوونە دەروونییە جیاوازەکان و نەخۆشییە جەستەییەکان[٩، لا ٢٩٥].

**هۆکارەکانی بەرگری دەروونی (العوامل المناعية النفسية):**

هۆکارە کاریگەرەکانی بەرگری دەروونی بە هۆکاری خۆپارێزی دادەنرێن لە ڕێگریکردن لە گەشەسەندنی کێشەکانی تەندروستی دەروونی یان کەمکردنەوەیان، وە پێکدێن لە هۆکارە تاکەکەسی، خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان.

**١-هۆکارە تاکەکەسییەکان:** پێکدێت لە هەڵبژاردنی شێوازی ژیانی تەندروست، پەیوەندییە کەسییە ئامانجدارەکان و ئەو شارەزاییە کاریگەرانەی کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕێزگرتن لە خود و پەیوەندیکردن و توانای گفتوگۆکردنی ئاڵەنگارییەکان بەکاردێن.

**٢-هۆکارە خێزانییەکان:** پشتیوانی خێزان کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر بەهێزکردنی بەرگری دەروونی، بەتایبەت لە ڕێگەی کەمکردنەوەی هەستی تەنیایی و بەرزکردنەوەی هەستی سەربەخۆیی. ئەمەش هاوکارە لە بەرەنگاربوونەوەی نیشانەکانی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی، بەتایبەت کاتێک مرۆڤ تووشی لاوازی بەرگری دەروونی دەبێت. بەم شێوەیە، پەیوەندییە خێزانییە بەهێزەکان پایەیەکی گرنگن بۆ پاراستنی تەندروستی دەروونی.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**٣-هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:** هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە بەهێزکردنی بەرگری دەروونیدا، بە تایبەت لە ڕێگەی هەستکردن بە سەربەخۆیی، دەرفەتی کارکردن، و پشتیوانی کۆمەڵایەتی. ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە پاراستنی بەرگری دەروونی[١٦، لا ٣٢٧].

**پۆلێن کردنی بەرگری دەروونی (التصنيفات المناعة النفسية):**

زانایانی دەروونزانی بەرگری دەروونییان بۆ سێ بواری سەرەکی پۆلێن کردووە کە ئەمانەی خوارەوەن:

١-**بەرگری دەروونی سروشتی:** مەبەست لێی ئەو بەرگرییە دەروونییە سروشتییەیە کە لە ناو مرۆڤدا هەیە و لە سروشتی پێکهاتەی دەروونیدا گەشە دەکات، کە ئەنجامی کارلێککردنی نێوان بۆماوەیی و ژینگەیە. ئەم زاراوەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خودەوە هەیە؛ بەو مانایەی کە کەسی تەندروست خاوەنی بەرگرییەکی سروشتیی بەرزە دژی کێشە و ناتەواوییەکان و توانای بەرگەگرتنی قەیرانەکان و کۆنترۆڵکردنی خودی هەیە[٧، لا ١٧].

٢- **بەرگری دەروونیی بەدەستهاتوو بە شێوەیەکی دەستکرد:** مرۆڤ لە ڕێگەی ئەزموونکردنی دۆخ گەلێکەوە بەدەستی دەهێنێت کە بە مەبەست هەستی دڵەڕاوکێ و گرژی و تووڕەیی دروست دەکەن، لەگەڵ ڕاهێنان لەسەر کۆنترۆڵکردنی کاردانەوەکانی و بیرۆکەکانی، و فێرکردنی چۆنیەتی دوورخستنەوەی بیرۆکەی وەسواس و دڵەڕاوکێ و تووڕەیی و گۆڕینیان بە بیرۆکە و هەستی ئەرێنی لەو دۆخانەدا [١٧، لا ١٤].

٣- **بەرگری دەروونیی بەدەستهاتوو بە شێوەیەکی سروشتی:** بریتییە لەو بەرگرییەی کە مرۆڤ بەدەستی دەهێنێت لە ڕێگەی فێربوون و ئەزموون و زانیاری و لێهاتووییەوە، کە فێری دەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان و سەختییەکانی پێشوو. ئەم ئەزموون و لێهاتووییانە بە شێوەیەکی دەروونی کاریگەرییەکی ئەرێنیان هەیە، چونکە کۆئەندامی بەرگری دەروونی چالاک دەکەن و بەهێزی دەکەن. ئەمەش وا دەکات مرۆڤ بەرگەی بێئومێدی و بەربەست و سەختییەکان بگرێت[١٧، لا ٥٥٠].

**تیۆرەکانی بەرگری دەروونی (نظريات المناعة النفسية):**

١-**تیۆری شیکاری دەروونی(نظرية التحليل النفسي):**

تیۆری شیکاری دەروونی بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت لە ڕێنمایی و چارەسەری نوێدا. چارەسەری دەروونی، بە بڕوای فرۆید، لەسەر بنەمای چەمک و میتۆدەکانە کە لە شیکاری دەروونییەوە وەرگیراون. فرۆید پێی وابوو ئامانجی گەیشتن بە حاڵەتێکی هاوسەنگی و ئاستێکی نزم لە وروژاندن. واتە ئەگەر تاکێک بەر هاندەرێکی ناوەکی یان دەرەکی بکەوێت، ئەو هاندەرە ئەوەیە کە پاڵدەنێت بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لەو حاڵەتەی هەستی پێدەکات، وای لێدەکات بەشداری چالاکیی جەستەیی یان دەروونی بکات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ دۆخی سەرەتایی خۆی پێش بەرکەوتنی بەو هاندەرە. فرۆید پێیوایە "کە حاڵەتی ناهاوسەنگیی دروستبوو لە وروژێنەرەکەدا وای لێدەکات هەست بە دڵتەنگی و گرژی بکات، و چالاکیی تاک بۆ کەمکردنەوەی ئاستی هاندان لە حاڵەتێکی گونجاودا ڕوودەدات." هەروەها فرۆید پێیوایە "کە ئەو تاکەی خاوەنی کەسایەتییەکی خۆگونجێنەرە، بەهێزە لەسەر (ئید)، و ئەرکی (ئید) بەرگریکردنە لە کەسایەتی، و کارکردنە لەسەر گونجاندنی لەگەڵ ژینگە و چارەسەرکردنی هەموو ململانێکان."[١٧، لا ٢٠].

٢-**تیۆری مرۆڤاتی (النظرية الأنسانية):**

ماسلۆ (**Maslow**) پێیوایە "کە ئەو تاکەی خاوەنی گەشەیەکی دەروونیی تەندروستە، ئەو تاکەیە کە پێداویستییە سەرەکییەکانی و خودی خۆی تێر دەکات، و ئەو کەسەی کە خودی خۆی

بەدیهێناوە، ئەو تاکەیە کە ئاستێکی بەرزی خۆگونجاندنی بەدەستهێناوە و دەتوانێت بڕیاری نوێ بدات، و ئەم تاکە سەرچاوەیەکی سەرەکیی ڕەزامەندی بەدەست دەهێنێت لە ڕێگەی گەشەکردن و پەرەسەندنییەوە بێ ئەوەی هەست بە دڵەڕاوکێ بکات. بەڵام ڕۆجەرز (Rogers) دوویاتی دەکاتەوە "ئەگەر تاک بە بەردەوامی و بێ مەرج ڕێزگرتنێکی ئەرێنی بەدەست بهێنێت، ئەوا خاوەنی کەسایەتییەکی دروست دەبێت و هەست بە جێگیری دەکات." ڕۆجەرز پێی وایە "کە ئەو ڕەفتارەی کە دەبێتە هۆی ئەنجامی ئەرێنی بۆ تاک، تەنها لە ڕووی کەسایەتییەوە تێر نابێت، بەڵکو دەبێت ڕێزگرتنێکی ئەرێنی لە کۆمەڵگاشەوە بەدەست بهێنێت تیۆری مرۆیی پێیوایە "کە مرۆڤ لە حاڵەتێکی گەشەکردن و چالاکیدایە، و هەمیشە هەوڵدەدات بەرەو باشترین بڕوات، و دەتوانێت خودی خۆی بەدیبهێنێت و بەخشندە و داهێنەر بێت، و هاوسەنگیی سۆزداریی خۆی بەدەست بهێنێت."[٧، لا ٢٤].

## توێژینەوکانی پێشوو (الدراسات السابقة):

### یەکەم: تایبەت بە گۆڕاوی پیسبوونی دەروونی(خاص بمتغیر التلوث النفسي):

| ١- توێژینەوەی زغیبی (2025). | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوەکە | بونیادی هۆکاریی پیسبوونی دەروونی و پەیوەندیی بە بەرگریی دەروونییەوە لەلای گەنجانی ناوچەی تەبوک. |
| شوێنی توێژینەوەکە | ناوچەی تبوک شارەکانی (املج، تبوک، تیما، حقل، ضباء، الوجة). |
| ئامانجی توێژینەوەکە | -دیاریکردنی هۆکارەکانی پیسبوونی دەروونی لەنێوان گەنجانی ناوچەی تبوک.<br>-دیاریکردنی ئاستی پیسبوونی دەروونی لای گەنجانی ناوچەی تبوک.<br>--دیاریکردنی ئاستی بەرگری دەروونی لای گەنجانی ناوچەی تبوک.<br>- زانینی پەیوەندی پیسبوونی دەروونی بە بەرگری دەروونی . |
| میتۆدی توێژینەوەکە | شێوازی وەسفی(پەسنی) پەیوەندی. |
| کۆمەڵگای توێژینەوەکە | پێک دێت لە کوران و کچانی گەنج ناوچەی تبوک. |
| نموونەی توێژینەوەکە | نموونەیەکی هەڕەمەکی لە (**181**) گەنجی کوڕ و کچ، کە تەمەنیان لەنێوان(15-35) ساڵ بوو. |
| ئامرازی توێژینەوەکە | بریتیبوو لە پێوەرەکانی( پیسبوونی دەروونی، و بەرگری دەروونی). |
| ئامرازی ئاماری | هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ، تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نمونە، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، ڕێگای الفاریماکس، تاقیکردنەوەکانی( **pillai's, wilks, hoteling , roy**). |
| ئەنجامی توێژینەوەکە | - پیسبوونی دەروونی لەلای گەنجانی ناوچەی تەبوک لە سێ هۆکار پێکدێت: (لەدەستدانی بەها و ئامانجی ژیان، جیابوونەوە لە ناسنامەی شارستانی، بێسەروبەری).<br>- ئاستی پیسبوونی دەروونی و بێبەشبوونی سۆزداری لە خوێندکارانی زانکۆدا نزمە. |

| | |
|---|---|
| | پەیوەندی ئەرێنی و پێچەوانە لەنێوان پیسبوونی دەروونی و بەرگری دەروونی هەیە[١٢، لا ٥٩٦- ٦٤٤]. |

| **٢- توێژینەوەی الدباخ و محمدخان (2021):** | |
|---|---|
| **ناونیشانی توێژینەوەکە** | پیسبوونی دەروونی و پەیوەندی بە بێبەشبوونی سۆزداری لای خوێندکارانی زانکۆ. |
| **شوێنی توێژینەوەکە** | زانکۆی سلێمانی و زانکۆی سەلاحەدین. |
| **ئامانجی توێژینەوەکە** | -ئاستی پیسبوونی دەروونی و بێبەشبوونی سۆزداری لای نموونەی توێژینەوەکە.<br>-ئاستی پیسبوونی دەروونی لەنێوان خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، پسپۆری و زانکۆ).<br>-ئاستی بێبەشبوونی سۆزداری لەنێوان خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، پسپۆری و زانکۆ).<br>-پەیوەندی نێوان پیسبوونی دەروونی و بێبەشبوونی سۆزداری لای نموونەی توێژینەوەکە. |
| **میتۆدی توێژینەوەکە** | شێوازی وەسفی(پەسنی) پەیوەندی. |
| **کۆمەڵگای توێژینەوەکە** | زانکۆی سلیمانی(**24183**)خوێندکار، زانکۆی سەلاحەدین(**23746**) خوێندکار. |
| **نموونەی توێژینەوەکە** | زانکۆی سلیمانی(**194**)خوێندکار، زانکۆی سەلاحەدین(**159**) خوێندکار. |
| **ئامرازی توێژینەوەکە** | بریتییە لە پێوەری (پیسبوونی دەروونی و بێبەشبوونی سۆزداری). |
| **ئامرازی ئاماری** | ڕێژەی سەدی، تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوونموونە، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەک نموونە، هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ، هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمان براون. |
| **ئەنجامی توێژینەوەکە** | -ئاستی پیسبوونی دەروونی و بێبەشبوونی سۆزداری لە خوێندکارانی زانکۆدا نزمە.<br>- جیاوازی ئاماری لە ئاستی پیسبوونی دەروونی و بێبەشبوونی سۆزداری بەپێی ڕەگەز و پسپۆڕی و زانکۆ نییە.<br>- جیاوازی ئاماری لە ئاستی پیسبوونی دەروونی لەنێوان خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی سەڵاحەدین هەیە لە سوودی زانکۆی سلێمانی.<br>-نەبوونی جیاوازی ئاماری لە ئاستی بێبەشبوونی سۆزداری لەنێوان خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین[٥، لا ٤٢٣- ٤٣٧]. |

| **٣- توێژینەوەی علوان (2017):** | |
|---|---|
| **ناونیشانی** | پیسبوونی دەروونی و پەیوەندی بە ململانێی ڕێکخراوەیی لە نێوان |

| | |
|---|---|
| **توێژینەوەکە** | مامۆستایانی باخچەی منداڵان. |
| **شوێنی توێژینەوەکە** | بەغداد ( الكرخ و الرصافة ). |
| **ئامانجی توێژینەوەکە** | - ئاشکراکردنی ئاستی پیسبوونی دەروونی لەلای مامۆستایانی باخچەی منداڵان.<br>-ئاشکراکردنی ئاستی ململانێی ڕێکخراوەیی لەلای مامۆستایانی باخچەی منداڵان.<br>-ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان پیسبوونی دەروونی و ململانێی ڕێکخراوەیی لەلای مامۆستایانی مامۆستایانی باخچەی منداڵانز |
| **میتۆدی توێژینەوەکە** | شێوازی وەسفی(پەسنی) پەیوەندی. |
| **کۆمەڵگای توێژینەوەکە** | **1931** مامۆستا. |
| **نموونەی توێژینەوەکە** | (**320**) مامۆستای باخچەی منداڵان کە بە شێوازی هەڕەمەکی هەڵبژێردران، |
| **ئامرازی توێژینەوەکە** | بریتییە لە پێوەری (پیسبوونی دەروونی و ململانێی ڕێکخراوەیی). |
| **ئامرازی ئاماری** | ڕێژەی سەدی، تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوونموونە، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەک نموونە، هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ. |
| **ئەنجامی توێژینەوەکە** | -ئاستی پیسبوونی دەروونی لەلای مامۆستایانی باخچەی منداڵان نزمە.<br>- جیاوازی ئاماریی لە ئاستی ململانێی ڕێکخراوەیی لەلای مامۆستایانی باخچەی منداڵان نزمە.<br>- پەیوەندی لەنێوان پیسبوونی دەروونی و ململانێی ڕێکخراوەیی هەیە[٤، لا ١٠١-١٤١]. |

**دووەم: تایبەت بە گۆڕاوی بەرگری دەروونی(خاص بمتغير المناعة النفسية):**

| | |
|---|---|
| **١-الرفوع و الربيحات (2021):** | |
| **ناونیشانی توێژینەوەکە** | بەرگری دەروونی و پەیوەندی بە گونجاندنی ئەکادیمی لە نێوان خوێندکارانی ئەندازیاری زانکۆی الطفيله تەقنیه |
| **شوێنی توێژینەوەکە** | زانکۆی الطفيله تەقنیه، ئەردەن. |
| **ئامانجی توێژینەوەکە** | -دیاریکردنی ئاستی بەرگریی دەروونی لە نێوان خوێندکارانی ئەندازیاری زانکۆی الطفيله تەقنیه.<br>- دیاریکردنی ئاستی گونجاندنی ئەکادیمی لە نێوان خوێندکارانی ئەندازیاری زانکۆی الطفيله تەقنیه.<br>-دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان بەرگریی دەروونی و گونجاندنی ئەکادیمی لەنموونەی توێژینەوەکە.<br>-دیاریکردنی ئاستی بەرگریی دەروونی و خۆگونجاندنی ئەکادیمی بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز و ساڵی خوێندن) |

| | |
|---|---|
| **میتـــــــــــۆدی توێژینەوەکە** | شێوازی وەسفی(پەسنی) پەیوەندی. |
| **کۆمەڵگـــــــای توێژینەوەکە** | **1563** خوێندکار |
| **نمـــــــوونەی توێژینەوەکە** | **359** خوێندکار |
| **ئـــــــامرازی توێژینەوەکە** | بریتییە لە پێوەری (بەرگریی دەروونی و گونجاندنی ئەکادیمی). |
| **ئامرازی ئاماری** | ڕێژەی سەدی، تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوونموونە، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەک نموونە، هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ. |
| **ئەنجـــــــامی توێژینەوەکە** | - ئاستی بەرگریی دەروونی لە نێوان خوێندکارانی ئەندازیاری زانکۆی الطفیلە تەقنیە مامناوەندە.<br>- ئاستی گونجاندنی ئەکادیمی لە نێوان خوێندکارانی ئەندازیاری زانکۆی الطفیلە تەقنیە مامناوەندە.<br>- پەیوەندی نێوان بەرگریی دەروونی و گونجاندنی ئەکادیمی لەنموونەی توێژینەوەکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆییە.<br>-ئاستی بەرگریی دەروونی و خۆگونجاندنی ئەکادیمی بەپێی گۆڕوای ڕەگەز (نێر، مێ) جیاوازی نییە.<br>-ئاستی بەرگریی دەروونی و خۆگونجاندنی ئەکادیمی بەپێی گۆڕوای ڕەگەز (ساڵی خوێندن) جیاوازی هەیە[١٩، لا٨٧-١١٢]. |

| **٢-توێژینەوەی حلوم و نورا (2024):** | |
|---|---|
| **ناونیشـــــــانی توێژینەوەکە** | بەرگری دەروونی و پاڵنەری دەستکەوت لە نێوان خوێندکارانی زانکۆدا. |
| **شـــــــوێنی توێژینەوەکە** | زانکۆی تشرین- سوریا. |
| **ئامـــــــانجی توێژینەوەکە** | -پەیوەندی نێوان بەرگری دەروونی وپاڵنەری دەستکەوت لەنێوان نموونەی توێژینەوەکەدا.<br>-پەیوەندی نێوان بەرگری دەروونی وپاڵنەری دەستکەوت بەپێێ گۆڕوای ڕەگەز(ڕەگەز).<br>- پەیوەندی نێوان بەرگری دەروونی وپاڵنەری دەستکەوت بەپێێ گۆڕوای ڕەگەز(پسپۆڕی). |
| **میتـــــــــۆدی توێژینەوەکە** | شێوازی وەسفی(پەسنی) پەیوەندی. |
| **کۆمەڵگـــــای توێژینەوەکە** | **15723** خوێندکار |
| **نمـــــوونەی توێژینەوەکە** | **234** خوێندکار بەشێوەیەکی هەڕەمەکی. |
| **ئـــــــامرازی** | بریتییە لە پێوەری (بەرگریی دەروونی و پاڵنەری دەستکەوت). |

| | |
|---|---|
| **توێژینەوەکە** | |
| **ئامرازی ئاماری** | تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوونموونە، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەک نموونە، هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ. تاقیکردنەوەی کولمووجوروف سیمیرنوف، پەیوەندی مان وتنی، |
| **ئەنجامی توێژینەوەکە** | -پەیوەندی نێوان بەرگری دەروونی وپاڵنەری دەستکەوت لەنێوان نموونەی توێژینەوەکەدا هەیە.<br>-پەیوەندی نێوان بەرگری دەروونی وپاڵنەری دەستکەوت بەپێی گۆڕاوی رەگەز(رەگەز) هەیە بەسوودی رەگەزی مێ.<br>- پەیوەندی نێوان بەرگری دەروونی وپاڵنەری دەستکەوت بەپێی گۆڕاوی رەگەز(پسپۆری) نییە[١٦، ل٣١٩-٣٣٧]. |

| **3-توێژینەوەی نورالدي و حسين (2022).** | |
|---|---|
| **ناونیشانی توێژینەوەکە** | بەرگری دەروونی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆی موسڵ. |
| **شوێنی توێژینەوەکە** | زانکۆی موسڵ. |
| **ئامانجی توێژینەوەکە** | -ئاستی بەرگری دەروونی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆی موسڵ.<br>- ئاستی بەرگری دەروونی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆی موسڵ بەپێی گۆڕاوی (رەگەز، قۆناغ، پسپۆری). |
| **میتۆدی توێژینەوەکە** | شێوازی وەسفی(پەسنی) پەیوەندی. |
| **کۆمەڵگای توێژینەوەکە** | **48240** خوێندکار |
| **نموونەی توێژینەوەکە** | **(400)** خوێندکار هەرەمەکی چینایەتی. |
| **ئامرازی توێژینەوەکە** | بریتییە لە پێوەری (بەرگریی دەروونی). |
| **ئامرازی ئاماری** | تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەک نموونە، تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوونموونە، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ. |
| **ئەنجامی توێژینەوەکە** | - ئاستی بەرگری دەروونی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆی موسڵ مامناوەندە.<br>-هیچ جیاوازییەک نییە لە ئاستی بەرگری دەرونیدا بەپێی گۆڕاوەکانی (رەگەز، قۆناغ).<br>- ئاستی بەرگری دەرونیدا بەپێی گۆڕاوی پسپۆری (زانستی، مرۆیی) جیاوازی هەیە، لە بەرژەوەندی پسپۆرییە مرۆییەکانە[١٨، ل٥٤٥- ٥٧١]. |

**سوودبینین لە توێژینەوکانی پێشوو(الاستفادة من الدراسات السابقة):**

**توێژەر دەتوانێت لە چەند ڕوویەکەوە سوود لە توێژینەوەکانی وەربگرێت وەک :**

١-یارمەتیدەردەبن لە دیاریکردنی پێناسە زانستییەکانی ئەم چەمکانە و چۆنیەتی پێوانەکردنیان.

٢-دەتوانرێت ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەییە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو بەراورد بکرێت. ئەم بەراوردکارییە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەوەی ئایا ئەنجامەکان هاوشێوەی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

ئەنجامەکانی پێشوون یان جیاوازن و بۆچی؟ ئایا هۆکاری جیاوازییەکە پەیوەندی بە ژینگەی جوگرافی، کۆمەڵایەتی، یان کلتوورییەوە هەیە ؟

٣-توێژینەوەکانی پێشوو ڕێگاکانی کۆکردنەوەی داتا، ئامرازەکانی پێوانەکردن، و شیکردنەوەی ئامارییان نیشانددەن. دەتوانیت سوود لەم مێتۆدانە وەرگریت بۆ باشترکردنی دیزاینی توێژینەوەکەی ئێستا.

٤- بۆ دڵنیا بوونەوە کە توێژینەوەکەی ئێستا دووبارەکردنەوەی کارێکی پێشوو نییە و لایەنێکی نوێ یان جیاواز دەخاتە ڕوو.

**بەشی سێیەم (الفصل الثالث)**

**ڕێکارەکانی توێژینەوە(إجراءات الدراسة)**

**میتۆدی توێژینەوە (منهج الدراسة):** توێژەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی(پەسنی) پەیوەندی بەکار هێنرا.

**کۆمەڵگای توێژینەوە (مجتمع الدراسة):** پێك هاتووە لە سەرجەم مامۆستایان سەنتەری پەروەردەی شارەزوور ژمارەیان (1721) مامۆستاییە، کە (926)مامۆستای لە ڕەگەزی مییە، (795) مامۆستای لەڕەگەزی نێرە، کە لە خشتەی (1) خراوەتەڕوو:

**خشتەی ژمارە(1)**

**زانیاری کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

| جۆری دامەزراندن | ڕەگەز | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | |
| ڕەسمی | 711 | 650 | 1361 |
| گرێبەست(عقد) | 84 | 276 | 360 |
| کۆی گشتی | 795 | 926 | 1721 |

**نمونەی توێژینەوە(عینة الدراسة) :** نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (211) مامۆستا، لەساڵی خوێندنی **2025-2026** وەرزی یەکەم، کە لە خشتەی (2) خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە(2)**

**زانیاری نمونەی توێژینەوەکە**

| جۆری دامەزراندن | ڕەگەز | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | |
| ڕەسمی | **65** | **61** | **126** |
| گرێبەست(عقد) | **36** | **49** | **85** |
| کۆی گشتی | **101** | **110** | **211** |

**ئامرازەکانی توێژینەوە (أدوات الدراسة):**

**یەکەم : پێوەری پیسبوونی دەروونی (مقياس التلوث النفسي):**

ئەم پێوەرە لە پێوەری توێژینەوەی (وریدات، 2017)وەرگیراوە (تبنی) کە لە (32) بڕگە پێکهاتبوو. بژاردەکانی وەڵامدانەوەی بڕگەکان بەپێی پێوەری لیگیرت دیاریکرابوون بەم

شێوەیە: (هەمیشە 5- زۆرجار 4- هەندێکجار 3- دەگمەن 2- هەرگیز 1) بۆ برگە ئەرێنییەکان و بە پێچەوانەوە بۆ برگە نەرێنییەکان. دواتر، فۆرمی کۆتایی پێوەرەکە بە چەند هەنگاوێک ئامادەکرا:

**ڕاستگۆیی وەرگێران (صدق الترجمة):**

توێژەر بە مەبەستی بەدەستهێنانی وەرگێرانێکی دروست و ڕاستگۆیانە، پشتی پێوەری ئامادەکراو بەستووە کە هەموو خەسڵەتە زانستییەکانی تێدایە:

**یەکەم:** سەرەتا پسپۆرێکی زمانی عەرەبی فۆرمە ڕەسەنەکەی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی

**دووەم:** پسپۆڕێکی دیکەی زمانی عەرەبی وێنەی کوردی فۆرمەکەی وەرگێڕایەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی.

**سێیەم:** لەم قۆناغەدا، بۆ بەراوردکردن، هەردوو وێنەی فۆرمەکە بە زمانی عەرەبی (هەردوو فۆرمە ڕەسەنەکە و وەرگێردراوە کوردییەکە کە دواتر کرایەوە عەرەبی) پێشکەش بە پسپۆڕێکی دیکەی زمانی عەرەبی کرا. دوای بەراوردکردنیان، دەرکەوت کە لە ڕووی ماناوە تەواوە.

**ڕاستگۆی ڕواڵەتی (الصدق الظاهري):**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی توێژەر فۆرمی پێوەرەکەی دابەشکرد بەسەر **(5)** پسپۆڕ لە بواری دەروونزانی و پەروەردە، دەرکەوت ڕێژەی سەدی گونجاوی بۆ برگەکان بریتییە لە **( 91.25% )**کە تێیدا **(3)** برگە لابران و تێبینی پسپۆڕەکان بە هەند وەرگیرا و لە کۆتاییدا **(29)** برگە مانەوە.

**جێگیری (الثبات):**

بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری توێژەر **(160)** فۆرمی بەکارهێنا، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر ڕێگەی (دابەشکردنی نیوەیی – التجزئة النصفية ) بەکار هێنا کە یەکێکە لە ڕێگاکانی دەستنیشانکردنی گونجاوی پێوانە کە تێیدا برگەکان دابەشدەکرێن بۆ تاك و جووت و پاشان لە ڕێگەی پرۆگرامی SPSS هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن لە نێوانیاندا دەرهێنرا و ئەنجامەکەی بریتییە لە **(0.72)** ، دواتر بەهای پەیوەندی دوای ڕاستکردنەوە بە هاوکێشەی جوتمان **(Guttman)**دەرهێنرا کە بریتییە لە**(0.84)** , ئەمەش مانای جێگیری پێوەرەکە دەگەیەنێت بە ئاستێکی زۆر باش.

**ڕێکەوتنی ناوەکی (اتساق داخلي)** :

بۆ دۆزینەوەی ڕێکەوتنی ناوەکی توێژەران (160) فۆرمیان بەکارهێنا بۆ ئەو مەبەستە، دەرکەوت هاوکۆلکەی ئەلفا کرونباخ بریتییە لە (0.71) ئەمەش مانای بوونی ڕێکەوتنی ناوەکی پێوەرەکە دەگەیەنێت.

**دووەم: پێوەری بەرگری دەروونی (مقياس المناعة النفسية):**

کە وەرگیراوە (تبنی) لە پێوەری (زید، 2023)کە پێکهاتبوو لە **(38)** برگە و بژاردەی برگەکانیش بە پێی لیگیرت دانران بەم شێوەیە (هەمیشە5-زۆرجار4-هەندێک جار3-دەگمەن2-هەرگیز1) بۆ برگەی پۆزەتیف و بۆ برگەی نێگەتیف بە پێچەوانەوە، پاشان فۆرمی پێوەرەکە بە چەند هەنگاوێک ئامادەکرا:

**-ڕاستگۆیی وەرگێران (صدق الترجمة):**

توێژەر لەبەر ئەوەی پەنایان بردووە بۆ فۆرمێکی پێوەری ئامادەکراو کە هەموو خەسڵەتە زانستییەکانی تێدایە , بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕاستگۆیی وەرگێران ئەم هەنگاوانە گیرانەبەر:

يەکەم : سەرەتا پسپۆڕێکی زمانی عەرەبی فۆرمە ڕەسەنەکەی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی.
دووەم: پسپۆڕێکی دیکەی زمانی عەرەبی وێنەی کوردی فۆرمەکەی وەرگێڕایەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی.
سێیەم : لەم قۆناغەدا هەردوو وێنەی فۆرمەکە بە زمانی عەرەبی ( ڕەسەنەکە و ئەوە دووەم کە کرایە کوردی و پاشان کرایەوە بە عەرەبی) بە مەبەستی بەراوردکردنیان خرانە بەردەست پسپۆڕێکی دیکەی زمانی عەرەبی , پاش بەراوردکردنیان دەرکەوت کە لە ڕووی ماناوە وەک یەکن و هیچ جیاوازیان نییە , بەم شێوەیە توێژەران دڵنیابوونەوە لە ڕاستی وەرگێڕانی بڕگەکانی فۆڕمی پێوەرەکە.

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی (الصدق الظاهري):**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی توێژەر فۆرمی پێوەرەکەی دابەشکرد بەسەر **(5)** پسپۆڕ لە بواری دەرونزانی و پەروەردە، دەرکەوت ڕێژەی سەدی گونجاوی بۆ بڕگەکان بریتییە لە **(87.36 %)** کە تێیدا **(6)** بڕگە لابران و تێبینی پسپۆڕەکان بە هەند وەرگیرا و لە کۆتاییدا **(32)** بڕگە مانەوە.

**جێگیری (الثبات):**

بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری توێژەر **(160)** فۆرمی بەکارهێنا، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر ڕێگەی (دابەشکردنی نیوەیی– التجزئة النصفية) بەکار هێنا کە یەکێکە لە ڕێگاکانی دەستنیشانکردنی گونجاوی پێوانە کە تێیدا بڕگەکان دابەشدەکرێن بۆ تاك و جووت و پاشان لە ڕێگەی پرۆگرامی (SPSS)هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن لە نێوانیاندا دەرهێنرا و ئەنجامەکەی بریتییە لە **(0.85)** ، پاشان بەهای پەیوەندی دوای ڕاستکردنەوە بە هاوکێشەی سپێرمان – براون ، دەرهێنرا کە بریتییە لە (0.92) , ئەمەش مانای جێگیری پێوەرەکە دەگەیەنێت بە ئاستێکی زۆر باش.

**ڕێکەوتنی ناوەکی (اتساق داخلی) :**

بۆ دۆزینەوەی ڕێکەوتنی ناوەکی توێژەر **(160)** فۆڕمی بەکارهێنا بۆ ئەو مەبەستە، دەرکەوت هاوکۆلکەی ئەلفا کرونباخ بریتییە لە **(0.74)** ئەمەش مانای بوونی ڕێکەوتنی ناوەکی پێوەرەکە دەگەیەنێت.

**چۆنیەتی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە:**

لەدوای دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە و ڕیکارەکانی هەردوو پێوەرەکە توێژەر بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەکە ئەم ڕێکارەی گرتەبەر:
توێژەر گووگڵ فۆرمێکی دروستکرد و سەردانی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی شارەزووریکرد، لەدوای وەرگرتنی مۆڵەت ورێگە پێدان، بەڕیز بەڕێوەبەری پەروەردە ڕەزامەندی پێشاندا کە توێژەر لەڕێکەوتی (١٧/ ١١/ ٢٠٢٥) لینکی گووگڵ فۆڕمەکە نارد بۆ گروپی ڤایبەری بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەکان، پاشان بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لینکی گووگڵ فۆڕمەکە لە گروپی ڤایبەری خۆیان دابنێت بۆ هەموومامۆستایان، چونکە لەڕێگەی ئەو گووگڵ فۆڕمەوە ئاسانترین دەسترگەیشتنە بۆ نموونەی توێژینەوەکە.

**-ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان (الوسائل الإحصائية المستخدمة):**

1-هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان بڕگەی تاك و جووت بۆ دۆزینەوەی جێگیری پێوەر و پەیوەندی نێوان پیسبووبی دەروونی و بەرگری دەروونی.

**2**-هاوكۆلكەی پەیوەندی جوتمان، بۆ ڕاستکردنەوەی هاوکۆلكەی پەیوەندی پێرسۆن بە مەبەستی جێگیری پێوەری پیسبووبی دەروونی، لەبەر ئەوەی بڕگەکان تاکن.

**3**-هاوکۆلكەی پەیوەندی سپێرمان – براون، بۆ ڕاستکردنەوەی هاوکۆلكەی پەیوەندی پێرسۆن بە مەبەستی جێگیری پێوەر بەرگری دەروونی، لەبەر ئەوەی بڕگەکان جوتن.

**4**-ناوەندی گریمانەیی بۆ دۆزینەوەی ناوەندی گریمانەیی پێوەر.

**5**-هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ، بۆ دۆزینەوەی جێگیری ناوەکی پێوەر (پیسبوونی دەروونی، بەرگری دەروونی).

**6**-تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نمونە، بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی بۆ زانینی ئاستی گۆڕاوەکان.

**7**-هاوکۆلكەی ئاماری جیاوازی یەك **(One-way ANOVA)** ، بۆ زانینی جیاوازی پیسبوونی دەروونی و بەرگریی دەروونی بە پێی گۆڕاوی(قۆناغ).

**بەشی چوارەم (الفصل الرابع)**

**خستنەڕووی ئەنجامەکان (عرض النتائج)**

**بەشی چوارەم :**

**ئەنجامەکانی توێژینەوە :**

**یەکەم / دەستنیشانکردنی ئاستی پیسبوونی دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور.**

خشتەی (3)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت) یەک نمونە بۆ زانینی ئاستی پیسبوونی دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور.

| نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 211 | 84.55 | 12.83 | 87 | 2.76 | 1.98 | 210 | 0.006 |

بە مەبەستی زانینی ئاستی پیسبوونی دەروونی لای نمەنەی توێژینەوەکە سوود لەتاقیکردنەوەی (ت)ی بۆ یەك نمونە One Sample T.Test بینرا، دەرکەوت بەهای (ت) هەژمارکراو بریتییە لە (2.76) ئەمەش گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە بریتییە لە (1.98) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و نمرەی ئازاد (210) ،هەروەها ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (84,55) نمرە، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە بریتییە لە ( 87) ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئاستی پیسبوونی دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور نزمە، وەک لە خشتەی (3) خراوەتەڕوو .

ئەم ئەنجام یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی (زغیبی، 2025) و (محمدخان، 2024)و (علوان، 2017 ) ، کە لە سێ توێژینەوەدا دەرکەوتووە ئاستی پیسبوونی دەروونی نزمە.

توێژەر پێی وایە هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئاستی هۆشیاری و توانای خۆگونجاندنی مامۆستایان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان، هەروەها بوونی سیستەمێکی بەهێزی بەها کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور کە وەک بەرگرییەک کاردەکات دژی پیسبوونی دەروونی.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**دووەم : دەستنیشانکردنی ئاستی پیسبوونی دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر ، مێ).**

**خشتەی(4)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت) دوو نمونەی سەربەخۆ ئاستی پیسبوونی دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر ، مێ).**

| ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 103 | 84.07 | 13.10 | 0.53 | 1.98 | 209 | 0.75 |
| مێ | 108 | 85.01 | 12.61 | | | | |

بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا سوود لە هاوکێشەی ئاماری (ت) بۆ دوو نمونە بینرا بە نمرەی ئازاد (209) و ئاستی بەڵگەداری (0.05) ، دەرکەوت بەهای (ت) هەژمارکراو (0.53) بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی (1.98) و ئاستی بەڵگەداری بریتییە لە (0.75) کە گەورەترە لە (0.05)، ئەمەش دەریدەخات ئاستی پیسبوونی دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر ، مێ)، جیاوازی نییە . وەک لە خشتەی (4) خراوەتەڕوو .

ئەم ئەنجامەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی (الدباخ و محمدخان ،2021)، توێژەر پێی وایە "هۆکاری نەبوونی جیاوازی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەردوو ڕەگەز لە هەمان ژینگەی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیدا دەژین و ڕووبەڕووی هەمان ئەو فشار و گۆڕانکارییە خێرایانە دەبنەوە کە دەبنە هۆی دروستبوونی پیسبوونی دەروونی، هەروەها کرانەوەی هەردوو ڕەگەز بەڕووی تەکنەلۆژیا و میدیادا بە شێوەیەکی یەکسان هۆکارە بۆ ئەوەی ئاستی کاریگەرییەکە لێکنزیک بێت.

**سێیەم : دەستنیشانکردنی ئاستی پیسبوونی دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بە پێی جۆری دامەزراندن (ڕەسمی و گرێبەست) .**

**خشتەی(5)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت) دوو نمونەی سەربەخۆ ئاستی پیسبوونی دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بە پێی گۆڕاوی جۆری دامەزراندن(ڕەسمی و گرێبەست) .**

| جۆری دامەزراندن | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەسمی | 126 | 85.11 | 11.67 | 1.87 | 1.98 | 209 | 0.143 |
| گرێبەست | 85 | 82.55 | 14.22 | | | | |

بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا سوود لە هاوکێشەی ئاماری (ت) بۆ دوو نمونە بینرا بە نمرەی ئازاد (209) و ئاستی بەڵگەداری (0.05) ، دەرکەوت بەهای (ت) هەژمارکراو (1.87) بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی (1.98) و ئاستی بەڵگەداری بریتییە لە (0.75) کە گەورەترە لە (0.05)، ئەمەش دەریدەخات ئاستی پیسبوونی دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بە پێی گۆڕاوی جۆری دامەزراندن(ڕەسمی

گرێبەست) جیاوازی نییە . وەک لە خشتەی (5) خراوەتەڕوو .
توێژەر پێی وایە، زۆربەی مامۆستایانی گرێبەست هاوشێوەی مامۆستایانی دامەزراو خۆیان بە بەشێک لە پرۆسەی پەروەردە دەزانن و هەمان پەرۆشی و خەمخۆرییان هەیە، بۆیە هەمان ئەو فشارانەی کە تووشی مامۆستایەکی دامەزراو دەبێت لە ئەنجامی کارەکەیەوە، تووشی مامۆستایەکی گرێبەستیش دەبێت.
هەروەها توێژەر پێی وایە لە ناوەندەکانی خوێندندا، چ مامۆستای دامەزراو بێت و چ گرێبەست، هەمان ئەرکیان لەسەرشانە (وانەوتنەوە، چاودێریکردنی قوتابیان، ئامادەکردنی پرسیار، پابەندبوون بە دەوامی فەرمی). ئەم هاوبەشییە لە ئەرک و ماندووبووندا وادەکات فشارە دەروونییەکانیان و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ژینگە لەسەریان وەک یەک بێت.

**چوارەم/ زانینی ئاستی بەرگری دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور.**

**خشتەی (6)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەک نمونە بۆ زانینی ئاستی بەرگری دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور.**

| نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 211 | 106.13 | 17.43 | 96 | 8.44 | 1.98 | 210 | 0.00 |

لە ئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (106.13) نمرە ، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە بریتییە لە ( 96) ، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت)ی بۆ یەك نمونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەرکەوت بەهای (ت) هەژمارکراو بریتییە لە (8.44) ئەمەش گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە بریتییە لە (1.98) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و نمرەی ئازاد (210)، ئەمەش ئاماژەیە بە بەرزی ئاستی بەرگری دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور، وەک لە خشتەی (6) خراوەتەڕوو.
ئەم ئەنجامەش تاڕادەیەک جیاوازە لەگەڵ توێژینەوەی( نورالدي و حسين، 2022) و (حلوم و نورا ،2024) و( لرفوع و الربيحات ،2021)، جونکە لەو توێژینەوانە دەرکەوتووە ئاستی بەرگریی ناوەندە لای نموونەی توێژینەوە،
توێژەر پێی وایە بەگشتی مامۆستایانی کوردستان بەتایبەت مامۆستایانی ناوچەی شارەزوور، بەهۆی ئەوەی بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو ڕووبەڕووی چەندین قەیرانی دارایی، سیاسی و کۆمەڵایەتی بوونەتەوە (وەک دواکەوتنی مووچە و دۆخی نەخوازراو)، جۆرێک لە "ڕاهاتن" و "خۆگونجاندن"یان لا دروست بووە. ئەم فشارانە لەبری ئەوەی بەرگری دەروونی لاوازبێت، وایکردووە میکانیزمی بەرگرییان بەهێزتر بێت و توانای خۆڕاگرییان زیاتر بێت بەرامبەر سەختییەکان.
**پێنجەم : دەستنیشانکردنی ئاستی بەرگری دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر ، مێ).**



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

**خشتەی(7)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت) دوو نمونەی سەربەخۆ ئاستی بەرگری دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر ، مێ).**

| ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 103 | 105.93 | 17.34 | 0.16 | 1.98 | 209 | 0.65 |
| مێ | 108 | 106.33 | 17.59 | | | | |

بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا سوود لە هاوکێشەی ئاماری (ت) بۆ دوو نمونە بینرا بە نمرەی ئازاد (209) و ئاستی بەڵگەداری (0.05) ، دەرکەوت بەهای (ت) هەژمارکراو (0.16) بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی (1.98) و ئاستی بەڵگەداری بریتییە لە (0.65) کە گەورەترە لە (0.05)، ئەمەش دەریدەخات ئاستی بەرگری دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر ، مێ)، جیاوازی نییە. وەک لە خشتەی (7) خراوەتەڕوو .

ئەم ئەنجامەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەکانی (الرفوع و الربيحات، 2021) و (نورالدين و حسين، 2022)، توێژەر پێی وایە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گۆڕاوی ڕەگەز لەم سەردەمەدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر ئاستی بەرگری دەروونی مامۆستایان و ئەوەی دیاری دەکات زیاتر کەسایەتی تاک و ئەزموونەکانە نەک ڕەگەزەکە.

**شەشەم: دەستنیشانکردنی ئاستی بەرگری دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بە پێی جۆری دامەزراندن (ڕەسمی، گرێبەست).**

**خشتەی(8)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت) دوو نمونەی سەربەخۆ ئاستی بەرگری دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بە پێی جۆری دامەزراندن (ڕەسمی، گرێبەست).**

| ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەسمی | 126 | 105.80 | 15.07 | 0.34 | 1.98 | 209 | 0.12 |
| گرێبەست | 85 | 106.63 | 20.51 | | | | |

بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا سوود لە هاوکێشەی ئاماری (ت) بۆ دوو نمونە بینرا بە نمرەی ئازاد (209) و ئاستی بەڵگەداری (0.05) ، دەرکەوت بەهای (ت) هەژمارکراو (0.34) بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی (1.98) و ئاستی بەڵگەداری بریتییە لە (0.12) کە گەورەترە لە (0.05)، ئەمەش دەریدەخات ئاستی بەرگری دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بە پێی جۆری دامەزراندن (ڕەسمی، گرێبەست) جیاوازی نییە. وەک لە خشتەی (8) خراوەتەڕوو .

هیچ کام لەتوێژینەوەکانی پێشوو ئەم گۆڕاوەیان تاقی نەکردۆتەوە، توێژەر پێی وایە هەڵبژاردنی گۆڕاوی (جۆری دامەزراندن) لەم توێژینەوەیەدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە جیاوازی لە جۆری دامەزراندن ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هەستی (ئاسایشی پیشەیی) و سەقامگیری داراییەوە

هەیە. توێژەر پێی وابوو کە ئەو مامۆستایانەی بە شێوەی هەمیشەیی (ڕەسمی) دامەزراون، بەهۆی دڵنیاییان لە مانەوەی کارەکەیان و بوونی مافی خانەنشینی و مۆڵەت، ڕەنگە ئاستی بەرگری دەروونییان جیاواز بێت لە مامۆستایانی (گرێبەست) کە ڕووبەڕووی دڵەڕاوکێی نوێنەکردنەوەی گرێبەست و کەمی ئیمتیازات دەبنەوە. ئەم بەراوردکارییە دەردەخات کە ئایا جۆری گرێبەستی کارکردن کاریگەری لەسەر توانای بەرگەگرتنی مامۆستا هەیە یان نا. بەڵام توێژەر لەدوای بەراوردکردنی ئەم دوو گۆڕاوە لە ئەنجامدا دەرکەوت "جیاوازی نییە"، هۆکارەکەی ئەوەیە کە قەیرانی دارایی و کێشەکانی پەروەردە لە ئێستادا کاریگەری لەسەر هەمووان یەکسانە و هەمووان لە یەک ئاستدان.

**حەوتەم/ زانینی پەیوەندی پیسبوونی دەروونی بە بەرگری دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور .**

**خشتەی (9)**

**پەیوەندی پیسبوونی دەروونی و بەرگری دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور .**

| گۆڕاوەکان | نموونە | لادانی پێوەری | پێرسۆن | پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|
| پیسبوونی دەروونی | 211 | 12.83 | - 0.19 | پێچەوانەی لاوازە |
| بەرگری دەروونی | | 17.43 | | |

بە مەبەستی زانینی پەیوەندی پیسبوونی دەروونی و بە بەرگری دەروونی خوێندن لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن بەکارهێنرا لە نێوانیاندا کە دەرکەوت بریتییە لە (0.19 -) و ، بەهاکەی پەیوەندی نێوان پیسبوونی دەروونی بەرگری دەروونی پێچەوانەی لاوازە، لەخشتەی (9) خراوەتە ڕوو.

ئەم ئەنجامەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی (زغیبی، 2025) و (محمدخان، 2024)و (علوان، 2017 ) ، کە لە سێ توێژینەوەدا دەرکەوتووە ئاستی پیسبوونی دەروونی نزمە. بە پێی ئەم ئەنجامە دەرکەوت پیسبوونی دەروونی و بەرگریی دەروونی پەیوەندییەکی پێچەوانەی لاوازە هەیە لە نێوانیان کە بریتییە لە ( 0.19-) واتە کاتێک (پیسبوونی دەروونی) زیاد دەکات، (بەرگری دەروونی) کەم دەکات. واتە ئاراستەیان دژی یەکە، توێژەر پێی وایە ئەم ئەنجامە زانستییە؛ چونکە پیسبوونی دەروونی تاوەک ڕەدەییەک دەبێتە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێ و شەکەتی دەروونی. کاتێک دەروون شەکەت دەبێت و دەکەوێتە ژێر فشارەوە، توانای بەرگەگرتنی (بەرگری دەروونی) دادەبەزێت. بۆیە ئاراستەکە پێچەوانەیە.

هۆکاری ئەوەی ئەنجامەکە لاوازە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە "بەرگری دەروونی مرۆڤ تەنها لەژێر کاریگەری ژینگە و پیسبوونی دەروونیدا نییە". مرۆڤ هێزی ناوەکی، لایەنی کۆمەڵایەتی و مەعریفی دیکەی هەیە کە ڕێگە نادات پیسبوونی دەروونی بە تەواوی بەرگرییەکەی تێک بشکێنێت، بۆیە پەیوەندییەکە هەیە بەڵام لاوازە.

**دەرئەنجامەکان (الاستنتاجات):**

**1**-دەستنیشانکردنی ئاستی پیسبوونی دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور نزمە.

**2**-دەستنیشانکردنی ئاستی پیسبوونی دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ)، جیاوازی نییە.

**3**-ئاستی پیسبوونی دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بە پێی گۆڕاوی جۆری دامەزراندن (ڕەسمی، گرێبەست) جیاوازی نییە.

**4**- ئاستی بەرگری دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بەرزە.
**5**-ئاستی بەرگری دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ)، جیاوازی نییە.
**6**-ئاستی بەرگری دەروونی لای مامۆستایانی پەروەردەی شارەزوور بە پێی جۆری دامەزراندن (ڕەسمی، گرێبەست) جیاوازی نییە.
**7**-پەیوەندی نێوان پیسبوونی دەروونی بەرگری دەروونی پێچەوانەی لاوازە.

**ڕاسپاردەکان (التوصيات)**

**1**-پێویستە پەروەردە لە هەر خولێکی ڕاهێنان، پاداشت، یان چالاکیدا، بە چاوی یەکسان سەیری هەموو مامۆستایان بکات و هیچ جیاکارییەک نەکرێت، چونکە دەرکەوتووە کە گرێبەستەکان هەمان ئاستی بەرگری و دڵسۆزییان هەیە وەک ڕەسمییەکان.
**2**-چالاکی کۆمەڵایەتی، گەشت، و دانیشتن و گفتوگۆی زانستی لە نێوان مامۆستایان زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی "بەرگری دەروونی" وەک پاڵنەرێک بمێنێتەوە.
**3**- توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان بەپێشکەشکردنی سیمینار و وۆرک شۆپ مامۆستایان زیاتر هۆشیاربکەنەوە لەهۆکارەکانی پیسبوونی دەروونی.

**پێشنیارەکان (المقترحات):**

**1**-توێژینەوەی تر بکرێت بۆ دۆزینەوەی ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندی بەهێزیان بە بەرگری دەروونییەوە هەیە وەک (ڕەزامەندی پیشەیی، زیرەکی سۆزداری، یان پاڵپشتی خێزانی).
**2**-هەمان توێژینەوە لە پارێزگای سلێمانی (سەنتەری شار) ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی بەراورد بکرێت ئایا ژینگەی شارۆچکە (شارەزوور) هۆکار بووە بۆ ئەم ئەنجامە ئەرێنییە یان نا؟
**3**-توێژینەوەیەکی هاوشێوە، پەیوەندی نێوان پیسبوونی دەروونی و بەرگری دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆ (زانکۆی سلێمانی وەک نموونە).

سەرچاوکان (المصادر):


١-ملحم، عائد فاضل،(١٩٩٩)، **<u>الطب الرياضي الفيسولوجي</u>**، ط١، دار الكندي، للنشر، عمان.
٢-الشمي، عبد الامير عبود و مبارك، أحمد نصر،(٢٠١٠)، التلوث النفسي الدى طلبه جامعه بغداد، **<u>مجلة الأستاذ</u>**. المجلمد(١)، عدد(١٤٠) ، ص ٢١٣-٢٥٢.
٣-جمال، سلوى محمد، (١٩٩٧)، أثر برنامج ارشادي في خفض القلق الاجتماعي للطلبه الجدد في المعاد الفنيه، رسالة الماجستير منشور ، **<u>كلية التربيية</u>**، إبن رشد، جامعة بغداد.
٤-علوان، علا حسين،(٢٠١٧)، التلوث النفسي وعلاقه بالصراع التنظيمي لمعلمات رياض الاطفال، **<u>مجلة الفنون والادب وعلوم الانسانيات ولاجتماعي</u>** ، المجلد (١)، عداد (١٧)، ص ١٠١-١٤١.
٥-الدباغ، لمياء كمال عبدالله و محمد خان، هناو حسن،(٢٠٢١)، التلوث النفسي وعلاقته بالحرمان العاطفي لدى طلبة الجامعة، <u>گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بۆ زناستەمرۆڤایەتیەکان</u>، بەرگی (٢٢) ، ژمارە (٣)، لا ٤٢٣-٤٣٧.
٦-وريدات، باسم احمد اسماعيل، (٢٠١٧)، تشكل هوية الانا وعلاقتها بالتلوث النفسي لدي عينة من طللبة الجامعات الفلسطينية، رصالة ماجيسترمنشور ، **<u>جاميعة الخليل</u>**، الفلسطين.
٧-جبريني، ابراهيم مصطفى، (٢٠٢٠)، المناعة النفسية كمتغير وسيط بين الضغوط النفسية والاتزان الانفعالي لدى العاملات في الأجهزة الأمنية الفلسطينية، رسالة الماجستير منشور ، **<u>قسم الإرشاد النفسي والتربوي</u>** ، جامعة القدس المفتوحة– فلسطين.


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١

٨-الجميل، رلا ناصر و عباس زينب ،(٢٠١٣)، المناعة النفسية و علاقتها بتقدير الذات وبمستوى الطموح لدى طلبة المرحلة الاعدادية، **مجلة علوم تربية**، المجلمد(٣)، العدد(٢٠)، ص ١٠٤-١٢٤.

٩-التميمي، فلاح عجيل يوسف و القريشي، مالك فضيل عبداللة ،(٢٠٢٤)، المناعة النفسية لدي المتعافين من جاحة كورونا، **مجلة كلية تربية جامعة واسط**، المجلد (٥٤)، عدد (٢)، ص ٢٩١-٣١٠.

١٠- عتيقة، سعيدي،(٢٠٢١)، التلوث النفسي، **مجلة دراسات نفسية و تربوية**، المجلد(١٤) عدد (١)، ص ٤٧-٥٧.

١١-عطية، رانيا، و حجازي، إحسان،(٢٠١٩)، العلاقة بين التلوث النفسي والاتزان الانفعالي ومستوى كل منهما لدى طلبة كلية التربية جامعة الزقازيق، **مجلة كلية التربية بالزقازيق**، المجلد (١)، عداد (١٠٣)، ص٨٧-١٦٣

١٢- زغيبى، محمد أحمد، (٢٠٢٥)، البناء العامي للتوث النفسي و علاقتة بالمناعة النفسية لدي شباب منطقة تبوك، **المجلة العربية العربية للعلوم التربية والنفسية**، المؤسسة العربية للتربية والعلوم والاداب مصر، المجلد (٩)، العدد (٤٩)، ص ٥٩٦ -٦٤٤.

١٣-المزين، نجلاء عبد النبى، (٢٠٢١). التلوث النفسي وآثاره السلبية على الفرد والمجتمع، **مجلة إبداعات تربوية**، المجلمد(١)، عدد (١٧)، ص ١١٤-١٨.

١٤- حيدر، عبد الرضا طراد، (٢٠١٢)، فاعلية برنامج إرشادى فى خفض التلوث النفسي لدى طالب كلية الرتبية فى جامعة بابل، **جملة علوم الرتبية الرياضية**، المجلد (٣) عدد(٥)، ص ٩١-١٢٣.

١٥-الزعبى، نزار محمد، (٢٠١٨)، التلوث النفسى لدى خريجي كليات التربية في الجامعات الحكومية والخاصة العاطيفين عن العمل في الاردن، **مجلة كلية التربية للبنات**، المجلمد(٢٩) عدد(٣)، ٢٥٣٢-٢٥٤٧.

١٦-حلوم، سهير و نورا، زهره، (٢٠٢٤)، المناعة النفسية ودافعية إلنجاز لدى طلبة الجامعة، **مجلة جامعة تشرين سورية**، آداب والعلوم الإنسانية، المجلد (٤٦) العدد(٤) ص٣١٩ -٣٣٧.

١٧-بن زيد، سلاف و بن حنيش فيروز،(٢٠٢٣)، المناعة النفسية لدى طلبة الماستر علم النفس وعلوم التربية، رسالة الماجستير منشور، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، **كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية**، قسم علم النفس وعلوم التربية.

١٨-نورالدي، افراح نصر الدين و حسين، علاء الدين علي، (٢٠٢٢)، المناعة النفسية لدى طلبة جامعة الموصل، **مجلة جامعة الانبار للعلوم الانسانية**، المجلد (١)، العدد(٣) ، ص ٥٤٥-٥٧١.

١٩-الرفوع، أحمد و الربيحات، لاء أحمد، (٢٠٢١)، المناعة النفسية وعلاقتها بالتكيف الدراسي لدى طلبة كلية الهندسة في جامعة الطفيلة التقنية، مجلة الدراسات والبحوث التربوية، المجلمد(١) عدد(٢)، ص٨٨-١١٢.

**پاشکۆ (الملاحق)**

**پاشکۆی (1)**

**ناوی پسپۆران و شارەزایان بۆ دەرکردنی ڕاستگۆیی هەردوو پێوەری (پیسبوونی دەروونی و بەرگری دەروونی)**

| ژ | ناوی پسپۆران | نازناوی زانستی | پسپۆری | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | د.عمر براهيم عزيز | پرۆفیسۆر | دەروونزانی پەروەردە | زانکۆی سەلاحدین |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2 | د.هند احمد سليمان | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەروونزانی کلینکی | زانکۆی گەرمیان |
| 3 | د.نزیرە ساڵح محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | پەروەردەی تایبەت | زانکۆی سلێمانی |
| 4 | د.كريم احمد عزيز | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی مێژوو | زانکۆی گەرمیان |
| 5 | د. فەرهاد احمد محمدامین | مامۆستا | دەروونزانی منداڵی خاوەنپێداویستی تایبەت | زانکۆی سلێمانی |

**References**:


1 -Malham, A'id Fadhil, (1999), Sports Medicine Physiology, 1st ed., Dar Al-Kindi Publishing, Amman.

2 -Al-Shami, Abdul-Amir Aboud and Mubarak, Ahmed Nasr, (2010), Psychological Anxiety Among Students at the University of Baghdad, Al-Ustad Journal, Vol. 1, No. 140, pp. 213-252.

3 -Jamal, Salwa Muhammad, (1997), The Effect of a Guidance Program on Reducing Social Anxiety Among New Students in Technical Institutes, Published Master's Thesis, College of Education, Ibn Rushd, University of Baghdad.

4 -Alwan, Ola Hussein, (2017), Psychological pollution and its relationship to the organizational conflict of kindergarten teachers, Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences, Volume (1), Count (17), pp. 101-141.

5 -Al-Dabbagh, Lamia Kamal Abdullah and Muhammad Khan, Hanaw Hassan, (2021), Psychological Pollution and its Relationship to Emotional Deprivation among University Students, Gevaari Zanki Soleimani with his wife, Bargi (22), Jamara (3), No 423-437.

6 -Waridat, Basem Ahmed Ismail, (2017), Formation of ego identity and its relationship to psychological pollution among a sample of Palestinian university students, Master’s Thesis, Hebron University, Palestine.

7 -Jabrini, Ibrahim Mustafa, (2020), Psychological Immunity as a Mediating Variable Between Psychological Stress and Emotional Balance Among Female Employees in the Palestinian Security Forces, Published Master's Thesis, Department of Psychological and Educational Counseling, Al-Quds Open University – Palestine.

8 -Al-Jamil, Rula Nasser and Abbas Zainab, (2013), Psychological Immunity and its Relationship to Self-Esteem and Level of Aspiration Among Preparatory School Students, Journal of Educational Sciences, Volume (3), Issue (20), pp. 104-124.

9 -Al-Tamimi, Falah Ajil Yousef and Al-Quraishi, Malek Fadil Abdullah, (2024), Psychological Immunity Among Those Recovering from the Coronavirus Pandemic, Journal of the College of Education, University of Wasit, Volume (54), Issue (2), pp. 291-310.

10 -Atiqa, Saidi, (2021), Psychological Pollution, Journal of Psychological and Educational Studies, Volume (14), Issue (1), pp. 47-57.

11- Attia, Rania, and Hijazi, Ihsan, (2019), The Relationship Between Psychological Pollution and Emotional Balance and Their Levels Among Students of the Faculty of Education, Zagazig University, Journal of the Faculty of Education, Zagazig, Volume (1), Issue (103), pp. 87-163.

12 -Zgheibi, Muhammad Ahmad, (2025), The General Structure of Psychological Pollution and Its Relationship to Psychological Immunity Among Youth in the Tabuk Region, Arab Journal of Educational and Psychological Sciences, Arab Foundation for Education, Science and Arts, Egypt, Volume (9), Issue (49), pp. 596-644.

13 -Al-Muzain, Najla Abdel-Nabi, (2021). Psychological Pollution and Its Negative Effects on the Individual and Society, Journal of Educational Innovations, Volume (1), Issue (17), pp. 114-18.

14- Haider, Abdul-Redha Tarad, (2012), The Effectiveness of a Counseling Program in Reducing Psychological Pollution Among Students of the College of Education at the University of Babylon, Journal of Educational and Mathematical Sciences, Volume (3), Issue (5), pp. 91-123.

15 -Al-Zoubi, Nizar Muhammad, (2018), Psychological Pollution Among Graduates of Colleges of Education in Public and Private Universities Who Are Unemployed in Jordan, Journal of the College of Education for Girls, Volume (29), Issue (3), pp. 2532-2547.

16 -Haloum, Suhair and Noura, Zahra, (2024), Psychological Immunity and Achievement Motivation Among University Students, Journal of Tishreen University, Syria, Arts and Humanities, Volume (46), Issue (4), pp. 319-337.

17- Ben Zaid, Salaf and Ben Hanish, Fayrouz, (2023), Psychological Immunity among Master's Students in Psychology and Educational Sciences, Published Master's Thesis, University of Kasdi Merbah Ouargla, Faculty of Humanities and Social Sciences, Department of Psychology and Educational Sciences.

18 -Nouraldi, Afrah Nasr El-Din and Hussein, Alaa El-Din Ali, (2022), Psychological Immunity among Students at the University of Mosul, Anbar University Journal of Humanities, Volume (1), Issue (3), pp. 545-571.

19 -Al-Rafou, Ahmed and Al-Rabihat, Laa Ahmed, (2021), Psychological Immunity and its Relationship to Academic Adjustment among Students of the College of Engineering at Tafila Technical University, Journal of Educational Studies and Research, Volume (1), Issue (2), pp. 88-112.